# سەرۆک وەزیران و باڵیۆزی ئوردن تاوتوێی هاوکاریی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵات دەکەن

ئەمڕۆ دووشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و باڵیۆزی ئوردن، ڕێگاکانی فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات لە بواری جیاجیاکاندا تاوتوێ کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە مێنتەسر ئەلزوبەعی باڵیۆزی شانشینی هاشمیی ئوردنی لە عێراق کرد.

لە کاتی کۆبوونەوەیەکدا، پێیوەندییە دوو قۆڵییەکان لە نێوان هەردوو وڵاتدا گفتوگۆ کرا، هەروەها ڕێگاکانی فراوانکردنی ئاسۆکانی هاوکاری دوو قۆڵی لە بواری جیاوازەکانی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی لە چوارچێوەی لیژنەی هاوبەشی عێراق و ئوردنی تاوتووێکران، بە شێوەیەک کە هاوکاری ستراتیژی بنیاتنەر زیاتر بکات و بەشداری لەگەیشتن بە بڕژەوەندی گەلانی دوو وڵاتی برا لە خەشگوزەرانی و گەشەپێدان بکات.

هەروەها وتی" لە کۆبوونەوەکدا ئاماژە بەو دەستدرێژییە دەندانە بەردەوامەوانەی لە دژی گەلی فەلەستین لە کەرتی غەززە کرد، هەروەها جەختیان لەسەر پێویستی هەوڵدان بە ڕاگرتنی ئاگرکە و گەیاندنی هاوکاری بە خەڵکی کەرتی غەززە کە لە ژێر ڕەشنایی دەخی کارەساتباردا دەژین بەهۆی

بەردەوامی دەستەاتدارانی داگیرکەر لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکانەی خۆناوییەکانیان دژی خەڵکی بەتاوان.